□انێكى كورت بۆ كتێبى چريكەى ميتاگێڕانەوە..

(چريكەى ميتاگێڕانەوە) ناونيشانى كتێبێكە، ڕەخنەدۆزعەلى شێخ عومەر هەوڵيداوە لێكۆڵينەوەيەكى ڕەخنەييلە‌ سێ رۆمانى عەبدوڵا سەرج دا بكات، لە دەرچەينووسينەكانييەوە،‌ لەسەر بنەماى تێڕوانينيميتاگێرانەوە، ئەدەبى پۆستمۆدرنە شێوازەكانيكاركردنى ئەم ڕۆمانووسە ئاشكرا بكات، بێگومانعەبدوڵا سەرج جگە لەوەى چيرۆكنووسێكى ديارە،ڕۆمانووسێكى كارايە، بەدەر لە يەكەم ڕۆمانى (هەڵكشان بەرەو لووتكە)، سەرجەم رۆمانەكانى ديكەيبە چەمكى ميتاگێڕانەوە نووسيووە، يەكەم نووسەرە لە كوردستان دا بۆ يەكەمجار وەك دەنگێكى ديار لە تێپەڕاندنى ڕۆمانى سوونەتى، بە ڕۆمانى (كاولاش)توانى خوێنەرى كورد ئاشنا بە چەمكى پۆستمۆدرنە‌ بكات، دەرگايەكى نوێى بۆ كارى ڕەخنەى ئەدەبيبكاتەوە، شێوازى نووسينى تا ڕادەيەكى بەرچاوجياوازى لەتەك ئەوەى پێش خۆى فەراهەمبكات،ئەزموونى عەبدوڵا سەرج تەژييە بە فەلسەفە، بيرۆكە،ژيان و سەردەمى گەنجێنى، غەريبى دوورە وڵات و نۆستالۆجيا، گەڕانەوەو دەرچوون لەنێو زەمەنيئێستاى گێڕانەوەدا يەقدەداتەوە لە ئاست بنياديزمانەوە، دەتوانێ بە شێوەيەكى تۆكمە بە لێزانييەوە تەكنيكى هاوچەرخ بەكاربهێنێت، هەر لە لابردن،قرتاندن، فلاشباك، فلاشفۆرد، مۆنۆلۆج و تيكشكاندنيگێڕانەوەى كۆرنۆلۆجى و ڕەچاوكردنى فرەدەنگيفرەڕنگى.. تاد.

بە ديوێكى تر ڕۆمانەكانى فەرهەنگێكە لە ڕووداوەكانى مێژووى ئازارو خەمەكانى تاكى كورد، هەندێجار لە گەياندنى مەبەست و زۆركردنى مانادائاويزانى ئەفسانەمان دەكات، عەلى شێخ عومەر بۆپشتراستكردنەوەى بۆچوونەكانى، لە سێ گوتاردا وەكسامپڵ سێ ڕۆمانى هەڵبژاردووە كە بريتين لە ڕۆمانى(پەرتەوازەى ئێرە و ئەوێكانى ڕەوان)،(ئەفسانەى ڕەنگستان) و (چۆن بوومە تيترواسك)، لە يەكەمدا فانتازياو تێكشكاندنى دەقە، لە دووەمدا دژە ڕۆمانى بەكاهێناوە، لە سێيەمدا كۆمەكى بە داكشانيشەپۆڵى هۆش كردووە.